# ڕۆشنبیر و سۆشیالیزم

و: چرایی ئازادی
نووسەر فرێدریش هایاک

لە هەموو وڵاتە دیموکراتیەکاندا، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا زیاتر لەهەر جێگایەکی تر، بروایەکی پتەو هەیە بەوەی کە کاریگەریی ڕۆشنبیران لەسەر سیاسەت حاشاهەڵنەگرە. گومانی تێدانییە کە ئەمە ڕاستە سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕۆشنبیران لە دانانی کاریگەری لەسەر بڕیاردان لەڕێگای بۆچوونە سەیرەکانیانەوە، یان سەبارەت بە ڕادەی توانایان بۆ گۆڕینی ڕای گشتی لەسەر ئەو پرسانەی کە بۆچوونیان لە بارەیانەوە جیاوازە لە بۆچوونی خەڵک. بەڵام لە مەودایەکی تاڕادەیەک دورتردا پێدەچێت هەرگیز ئەوەندە کاریگەرییان نەبووبێت هێندەی ئەوەی کە ئێستا هەیانە لەو وڵاتانەدا. ئەم دەسەڵاتەشیان لەڕێگای پێکهێنانی ڕای گشتییەوە بەدەستهێناوە.

لەبەر ڕۆشنایی مێژووی ئەم دواییانەدا، شتێکی سەیرە کە ئەم دەسەڵاتە یەکلاکەرەوەیەی مامەڵەکارە دەستیدووفرۆشە پیشەوەرەکانی ئایدیا هێشتا بەگوێرەی پێویست درکیان پێنەکراوە. گۆڕانکاریی سیاسی سەد ساڵی ڕابوردووی جیهانی خۆرئاوا ئاشکراترین ئاماژەیە بۆ ئەمە. سۆشیالیزم هەرگیز و لە هیچ جێگایەک لەسەرەتادا بزووتنەوەی چینی کرێکار نەبووە. بەهیچ شێوەیەک چارەسەرێکی ئاشکرا نییە بۆ ئەو خراپکارییە ئاشکرایانەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە دەیانخوازن. بەڵکو دەستکردی تیۆریستەکانە، کە لە هەندێک مەیلی هزری پەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە و بۆ ماوەیەکی زۆریش تەنها ڕۆشنبیران پێیان ئاشنابوون. هەروەها هەوڵێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ویست بەر لەوەی چینی کرێکار ڕازیبکرێت ئەو پرۆگرامە وەک پرۆگرامی خۆیان پەسەند بکەن.

لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕویانکردۆتە سۆشیالیزم، ئەو قۆناغەی کە سۆشیالیزم تێیدا بۆتە کاریگەریی یەکلاکەرەوە لەسەر سیاسەت، بە چەند ساڵێک پێش خۆی قۆناغێک هەبووە کە تێیدا بیرۆکە سۆشیالیستییەکان باڵیان بەسەر بیری ڕۆشنبیرە زێدە چالاکەکاندا کێشاوە. ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوودا (مەبەست سەدەی نۆزدەیە - وەرگێڕ) بەم قۆناغە گەیشت، لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو. بۆ چاودێری ڕاگوزەر پێدەچێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پاش جەنگی جیهانی دووم بەم قۆناغە گەیشتبێت و هەروەها مەیلی سیستەمی ئابووری پلان بۆ دانراو و ئاراستەکراو لەلای ڕۆشنبیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەندەی هاوەڵە ئەڵمانی و ئینگلیزەکانیان بەهێزە. ئەزموونیش ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ گەیشتن بەم قۆناغە، ئیدی هێندەی نامێنێت تاوەکو ئەو بۆچوونانەی کە ڕۆشنبیران هەیانە ببنە هێزی باڵکێشاو بەسەر سیاسەتدا.

لێرەوە سیمای ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگایەوە دیدی ڕۆشنبیران کاریگەریی لەسەر سیاسەتی سبەی دادەنێت زۆر گرنگترە لەوەی کە تەنها جێگەی بایەخی ئەکادیمی بێت. ئایا ئێمە دەخوازین پێشبینی بکەین یان هەوڵبدەین کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێین، فاکتەرێکی زۆر گرنگترە لەوەی کە بەگشتی تێیگەیشتووین. ئەوەی بۆ چاودێری هاوچەرخ وەک جەنگی بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان دەردەکەوێت، زۆربەی کات زۆر پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە لە پێکدادانی ئایدیاکاندا و لە بازنەی بەرتەسکدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەشێوەیەکی سەیر، بەگشتی تەنها پارتە چەپەکان زۆرترین کاریانکردوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بڕوایەی کە هێزی ژمارەیی بەرژەوەندییە مادديیە دژبەیەکەکانە کە بڕیاردەرن لەسەر مەسەلە سیاسییەکان، لەکاتێکدا لە پراکتیزدا هەمان ئەم پارتانە بەردەوام و سەرکەوتوانە کاریانکردوە

وەک بڵێی لە پێگەی سەرەکیی ڕۆشنبیران تێگەیشتوون. یا بە مەبەست یاخود بەڕێکەوتیش بووبێت، هەمیشە هەوڵە سەرەکییەکانیان ئاراستەی دەستەبەرکردنی پشتگیریی ئەم "دەستەبژێرە" کردوە، لەکاتێکدا کە گروپە زیاتر کۆنزێرڤەتیڤەکان بە بەردەوامی، بەڵام سەرنەکەوتوانە، کاریانکردوە لەسەر بنەمای بۆچوونێکی سادەی دیموکراسی زۆرینە و هەردەمیش بێسوود هەوڵیان داوە کە تاکی دەنگدەر ڕازیبکەن.

بەهەرحاڵ، چەمکی "ڕۆشنبیر" دەستبەجێ وێنەی ڕاستەقینەی ئەو چینە بەرفراوانەمان بۆ ناکێشێت کە ئێمە ئاماژەی بۆ دەکەین، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ئێمە ناوێکی شیاوترمان نییە بۆ ناساندنی لەوە زیاتر کە ناومان ناوە مامەڵەکارە دەستیدووفرۆشەکانی ئایدیا، یەکەمین هۆکار نیە کەوایکردوە تاوەکو ئێستا لە دەستەڵاتیان تێنەگەین. تەنانەت ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیر وەک چەمکێک بۆ داشۆرین بەکاردەهێنن، هێشتا ناچارن کە بۆ کەسانێک بەکاری نەهێنن کە گومانی تێدا نییە بە هەمان ئەم ئەرک و فەرمانانە هەڵدەستن. ئەمانە کەسانێک نیین کە بیرمەندی ڕەسن یان توێژەر و پسپۆڕ بن لە بوارێکی دیاریکراودا. ڕۆشنبیری باو پێویست ناکات هیچ کام لەمانە بێت. ئەو پێویستی بەوە نیە خاوەنی مەعریفەیەکی تایبەت بێت لە هەر بوارێکدا، یاخود تەنانەت پێویستیش ناکات زۆر زرنگ بێت، بۆ بەجێهێنانی ڕۆڵەکەی وەک نێوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیاکان. ئەوەی بەهرەمەندی دەکات بۆ کارەکەی ئەو بابەتە بەرفراوانانەن کە دەستبەجێ دەتوانێت لەبارەیانەوە بدوێت و بنووسێت، هەروەها ئەو پێگە و خووانەی کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت بە ئایدیا نوێیەکان ئاشنا بێت بەر لەو کەسانەی کە قسەیان بۆ دەکات.

تاوەکو ئەو کاتەی مرۆڤ هەموو ئەو کار و چالاکییانە ڕیزدەکات کە سەر بەم چینەن، زەحمەتە تێبگات کە چەند هەمەجۆرن، کە چۆن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا مەودای چالاکییەکانیان بەردەوام فروانتر دەبن، هەروەها چۆن ئێمە هەموومان وامان لێهاتووە پشتیان پێببەستین. ئەم چینە بەتەنها پێکنەهاتووە لە ڕۆژنامەنووس و مامۆستا و پیاوی ئاینی و وانەبێژ و بانگەشەکار و ڕۆماننووس و کاریکاتێریست و هونەرمەند کە پێدەچێت هەموویان وەستا بن لە گەیاندنی ئایدیاکاندا بەڵام زۆربەی کات کەسانی ناپسپۆڕن کاتێک دێتە سەر ناوەڕۆکی ئەوەی دەیگەیەنن.

ئەو چینە چەندین کەسی تایبەتمەند و تەکنیککار لەخۆدەگرێت، وەک ئەو زانا و دکتۆرانەی کە لە جووتبوونی عادەتیانەیانەوە لەگەڵ نووسیندا دەبنە هەڵگری ئایدیای نوێ لە دەرەوەی بوارەکانی خۆیاندا، ئەوکات ئەو کەسانە بەهۆی مەعریفەی تایبەتمەندیان لە بوارەکەی خۆیاندا، لە زۆر بواری دیکەشدا بە ڕێزەوە گوێیان لێڕادەگیرێت. زۆر کەمن ئەو شتانەی کە مرۆڤی ئاسایی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەبارەی ڕوداو و بیرۆکەکانەوە لە دەرەوەی نێوەندی ئەم چینەدا فێریان ببێت. هەروەها لە دەرەوەی بوارە تایبەتمەندەکانی کارکردنماندا، ئێمە هەموومان مرۆڤی ئاساییین و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕێنماییەکان پشت دەبەستین بەوانەی کە ئاگاداربوونیان لە بۆچوونە هەنووکەییەکان کردۆتە پیشە.

بەم پێیەش، ئەوە ڕۆشنبیرانن کە بڕیاردەدەن کام بۆچوون و دید بە ئێمە بگات، کام ڕاستی گرنگە بۆ ئەوەی پێمان بووترێت، هەروەها بە چ شێوەیەک و لە کام گۆشەنیگاوە پێویستە بخرێنەڕوو. ئاشنابوونی ئێمە بە ئەنجامی کارەکانی پسپۆڕان و بیرمەندە ڕەسەنەکان وابەستەیە بە بڕیاری ئەو ڕۆشنبیرانەوە.

پێدەچێت کەسی ئاسایی بەتەواوی ئاگادار نەبێت کە تاوەکو چ ئاستێک ناوبانگی باوی زانا و لێکۆڵەران لەلایەن ئەو چینەوە دەخولقێنرێت و بێگومان دەکەونە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئەو چینەوە لە ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نییە بە جەوهەری دەستکەوتە ڕاستەقینەکانەوە. هەروەها بەتایبەت گرنگە بۆ کێشەکەی ئێمە کە هەموو لێکۆڵەرێک ڕەنگە بتوانێت چەند نمونەیەک بهێنێتەوە لە بوارەکەی خۆیدا کە کەسانێکی ناشایستە ناوبانگی بەرفراوانیان دەرکردوە وەک زانای مەزن تەنها لەبەرئەوەی هەڵگری ئەو بڕوایانەن کە ڕۆشنبیران بە دیدی سیاسی "پێشکەوتنخواز" لەقەڵەمیان دەدەن. بەڵام من هێشتا ڕێکەوتی دۆخێکم نەکردوە کە لەبەر هۆکاری سیاسی ناوبانگێکی ساختەی زانایانەی لەم جۆرە درابێت بە تایبەتمەندێک کە مەیلێکی زیاتر کۆنزێرڤەتیڤانەی هەبێت.

ئەم خولقاندنەی ناوبانگ لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بەتایبەتی لەو بوارانەدا گرنگە کە تیایاندا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕیانە لەلایەن کەسانی تایبەتمەندی دیکەوە بەکار ناهێنرێن بەڵکو وابەستەن بە بڕیاری سیاسی جەماوەرەوە بەگشتی. ڕەنگە باشترین نمونە بۆ ئەم ڕەوشە ئەو هەڵوێستە بێت کە ئابوریناسە پیشەوەرەکان وەریانگرتووە لە ئاست گەشەی عەقیدەگەلی وەک سۆشیالیزم و پاراستنخوازی. پێدەچێت لەهیچ کاتێکدا زۆرینەیەک نەبووبێت لە نێو ئابوریناساندا (ئەوانەی کە لەلایەن هاوپیشەکانیانەوە بە ئابوریناس دادەنرێن) مەیلداری سۆشیالیزم (یاخود پاراستنخوازی) بووبن. بەهەرحاڵ تەنانەت دروستە ئەگەر بڵێین کە هیچ گروپێکی قوتابی دیکەی هاوشێوە نیە کە ڕێژەیەکی هێندە بەرزی بەئاشکرا دژی سۆشیالیزم (یان پاراستنخوازی) بێت. ئەمە گرنگی زیاترە چونکە لەم دواییانەدا مەیلە سەرەتاییەکان لەبارەی پلانی سۆشیالیزم بۆ چاکسازی وای لە خەڵک کرد ئابوری هەڵبژێرن وەک پیشە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی زۆرینەی پسپۆران نیە بەڵکو بۆچوونی کەمینەیەکە، کە زۆربەیان جێگەی گومانن لە بوارەکەی خۆیاندا، کە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەقۆزرێنەوە و بڵاودەکرێنەوە.

کاریگەری گشتگیری ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا بەهێزتر بووە بەهۆی گرنگی هەڵکشاوی "ڕێکخراو"ەوە. بڕوایەکی باو هەیە کە لەوانەیە هەڵەش بێت، کە زیادبوونی ڕێکخراو دەبێتە هۆی زیادبوونی کاریگەری پسپۆڕ و تایبەتمەند. ئەمە لەوانەیە دروست بێت بۆ پسپۆڕی ئیداری یان ڕێکخەر، ئەگەر خەڵکی لەم جۆرە هەبن، بەڵام بەئەستەم دروستە بۆ پسپۆڕ لە هەر بوارێکی مەعریفەدا. لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە مەعریفەی گشتیی وەها مەزەندە دەکرێت کە ئامادەی بکات بۆ ئەوەی نرخی بیروڕای پسپۆران بزانێت، هەروەها بتوانێت پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان هەڵبسەنگێنێت، کە توانایان بەهێزکراوە.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە ئەو لێکۆڵەرەی دەبێتە سەرۆکی زانکۆ، یاخود ئەو زانایەی دەبێتە بەڕێوەبەری پەیمانگا یان دامەزروەیەک، یاخود ئەو لێکۆڵەرەی دەبێتە سەرنوسەر یاخود هەڵسوڕاوی ڕێکخراوێک کە خزمەتی دۆزێکی تایبەت دەکات، هەموویان دەستبەجێ لە لێکۆڵەری و پسپۆڕ دەکەون و دەبنە ڕۆشنبیر، بەتەنها لەبر ڕۆشنایی هەندێک ئایدیای گشتی باودا. ژمارەی دامەزراوەی لەم جۆرە کە ڕۆشنبیر بەرهەم دەهێنن و ژمارە و دەسەڵاتیان زیاد دەکەن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. تاڕادەیەک هەموو "پسپۆڕەکان" لە تەکنیکی گواستنەوەی مەعریفەدا و لەو بوارەدا کە کاری تێدا دەکەن، ڕۆشنبیرن نەک پسپۆڕ.

بەو مانایەی ئێمە ئەم چەمکە بەکاردەهێنین، لەڕاستیدا ڕۆشنبیران دیاردەیەکی نوێن لە مێژوودا. ئەگەرچی کەس داخ بۆ ئەوە ناخوات کە خوێندن چیتر ئیمتیازێک نییە بۆ چینی موڵکدار، ئەو ڕاستییەی کە چینی خاوەن موڵک چیتر باشترین خوێنەوار نیین و ئەو ڕاستییەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک کە پێگەکەیان لەسایەی خوێندنی گشتیدا دەستکەوتووە خاوەنی ئەزموون نیین لەسەر کارکردنی سیستەمی ئابوری کە بەڕێوەبردنی موڵک دروستی دەکات، ئەم راستیەش گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕۆشنبیران.

پرۆفیسۆر شومپیتەر، کە بەشێکی روونکەرەوەی کتێبی "سەرمایەداری و سۆشیالیزم و دیمۆکراسی" تەرخانکردوە بۆ هەندێک لایەنی کێشەکەی ئێمە، بەشێوەیەکی ڕەوا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە نەبوونی بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ لەسەر مەسەلە عەمەلییەکان و لە ئەنجامی ئەمەش نەبوونی مەعریفەی دەستی یەکەم لەسەریان، ڕۆشبیری عادەتی جیادەکاتەوە لە خەڵکی دیکە کە هاوشێوە دەسەڵاتی وشەی وتراو و نووسراویان هەیە. بەڵام زۆر دوورمان دەخاتەوە ئەگەر لێرەدا زیاتر بکۆڵینەوە لە گەشەی ئەم چینە و ئەو داوا سەرنجڕاکێشەی کە لەم دواییانەدا برەوی پێدەدرێت لەلایەن یەکێک لە تیۆریستەکانەوە کە تەنها کەس بوو کە بۆچوونەکانی نەکەوتبوونە ژێر بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆیەوە.

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە لە گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە تاوەکو چەند گەشەی ئەم چینە بەشێوەیەکی دەستکردانە لەلایەن یاسای مافی لەچاپدانەوە (کۆپی ڕایت)ەوە جۆشدراوە. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە زۆرجار پسپۆر و لێکۆڵەری راستەقینە و مرۆڤی عەمەلی رقیان لە ڕۆشبیرە و خوازیار نین دان بە دەسەڵاتیدا بنێن و بەربەرەکانیشی دەکەن کاتێک پێی ئاشن دەبن. وەک تاکەکەس، ئەوانە رۆشنبیر وەها دەبینن کە زۆربەی کات ئەو کەسانەن کە هیچ شێکی تایبەت بەباشی نازانن و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو مەسەلانەی کە خۆیان تێیان دەگەن ئاماژەی داناییەکی تایبەتمەندی کەمن.

بەڵام هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر لەبەر ئەم هۆیە دەسەڵاتیان بەکەم بزانین. ئەگەرچی لەوانەیە زۆربەی کات مەعریفەیان ڕووکەش بێت و ژیریان سنووردار بێت، بەڵام لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەوە هەڵسەنگاندنی ئەوانە کە بەشێوەیەکی سەرەکیی بڕیاردەرە لەسەر ئەو بۆچوونانەی کە کۆمەڵگا لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریان پێدەکات. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، کاتێک کە بەشە زیاتر چالاکەکەی ڕۆشنبیران گۆڕا بۆ کۆمەڵە بڕوایەک، ئەو پرۆسەیەی کە ئەمانە پێی دەبنە گشتی و قبووڵکراو شتێکی ئۆتۆماتیکی و بەرپێنەگیراوە. ئەم ڕۆشنبیرانە ئەو ئەندامانەن کە کۆمەڵگای مۆدێرن پەرەی پێداون بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفە و ئایدیا، هەروەها بڕوا و بۆچوونەکانی ئەوانە کە وەک بێژنگ کاردەکەن و هەموو تێگەیشتنە تازەکان پێویستە پێیدا تێپەڕبن پێش ئەوەی بگەن بە جەماوەر.

لە سروشتی کاری ڕۆشنبیردایە کە پێویستە مەعریفە و بڕوای خۆی بەکاربهێنێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە ڕۆژانەییەکانیدا. ئەو پێگەیەی هەیە چونکە مەعریفەیەکی هەیە، یان پێویستە ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە سەرکارەکەی نییەتی. لێرەوە دەکرێت چالاکییەکانی تاوەکو ئاستێکی سنووردار لەلایەن خەڵکی دیکەوە ئاراستەبکرێن. هەروەها لەبەرئەوەی ڕۆشنبیران زۆربەی جار لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە ڕاستگۆن، شتێکی بەرپێنەگیراوە کە شوێن بڕواکانی خۆیان بکەون کاتێک ئازادبن لە بڕیکردنەوەدا، ئەوا هەڵوێستێک دەربڕن لەسەر هەموو شتێک کە بەژێر دەستیاندا تێپەڕدەبێت. تەنانەت کاتێک جێبەجێکردنی سیاسەتیکار لەدەستی مرۆڤی بواری تردایە و خاوەنی بۆچوونی جیاوازن،

جێبەجێکردنی سیاسەتیکار بەگشتی لە دەستی ڕۆشنبیراندا دەبێت، زۆرجاریش بڕیاردان لەسەر وردەکارییەکان دەبێتە مایەی دیاریکردنی دوایین کاریگەری. ئێمە دەبینین کە ئەمە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا نموونەی هەیە.

ڕۆژنامە لە خاوەندارێتی "سەرمایەدارییـ"دا، ئەو زانکۆیانەی کە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی "کۆنەپەرست"ەوە بەڕێوەدەبرێن، سیستەمی ڕاگەیاندن کە لەلایەن حکومەتی کۆنزێرڤەتیڤەوە خاوەندارێتی دەکرێت، هەموو ئەمانە ناسراون بەوەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕای گشتی بەئاراستەی سۆشیالیزمدا، چونکە ئەمە بڕوای کارمەندەکانی بووە. ئەمە زۆرجار ڕوویداوە، نەک تەنها سەرباری، بەڵکو لەوانەشە بەهۆی، هەوڵەکانی ئەوانەوە کە لە لوتکەدان بۆ کۆنترۆڵکردنی بۆچوون و سەپاندنی پرنسیپی چەقبەستوو. کاریگەری ئەم لە بێژنگدانەی ئایدیا بەناو بڕواکانی چینێکدا کە لەڕووی پێکهاتەوە مەیلیان هەیە بەلای هەندێک بۆچوونی دیاریکراودا، بە هیچ شێوەیەک تەنها لەناو جەماوەردا پەنگی نەخواردوە.

کەسی پسپۆر لە دەرەوەی بواری تایبەتمەندێتی خۆیدا بە گشتی پشتبەستنی بەم چینە هیچ کەمتر نیە و بەدەگمەنیش هەڵدەکەوێت کە کەمتر بکەونە ژێر کاریگەری هەڵبژاردنەکانی ئەو چینەوە. ئەنجامی ئەمە بریتییە لەوەی ئەمڕۆ لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی خۆرئاوادا تەنانەت نەیارە سەرسەختەکانی سۆشیالیزمیش مەعریفەی خۆیان لە سەرچاوە سۆشیالیستییەکانەوە وەردەگرن لەسەر زۆربەی ئەو بابەتانەی کە زانیاری دەستی یەکەمیان نییە. لەگەڵ زۆری ئەو بەدتێگەیشتنە گشتیانەی هزری سۆشیالیستیشەوە، پەیوەندی پێشنیارە عەمەلەییەکانیان بە هیچ شێوەیەک دەستبەجێ ئاشکرا نییە. لە ئەنجامدا ئەم سیستەمی هزرە لە ڕاستیدا بۆتە بڵاوکەرەوەی کارای بیرۆکەکانی.

کێ مرۆڤێکی عەمەلی ناناسێت کە لە بوارەکەی خۆیدا سۆشیالیزم وەک "داڕزانێکی کوشندە" ڕەتدەکاتەوە، بەڵام کاتێک پێدەنێتە دەرەوەی بابەتەکەی خۆی، هاوشێوەی هەر ڕۆژنامەنووسێکی چەپ دەستدەکات بە هەڵدان بە سۆشیالزمدا؟ لە هیچ بوارێکی تردا کاریگەریی باڵادەستی ڕۆشنبیرانی سۆشیالیستی ئەوەندە بەهێز هەستی پێنەکراوە وەک ئەوەی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان شارستانییە نەتەوەییە جیاوزەکاندا هەستی پێکراوە. سنوورەکانی ئەم وتارە زۆر زیاتر تێدەپەڕێنێت ئەگەر بگەڕێین بەدوای هۆکار و گرنگییەکانی ڕاستییەکی زێدە گرنگ ئەویش ئەوەیە کە لە جیهانی مۆدێرندا تەنها ڕۆشنبیران تاکە یەک دەروازە دەبەخشن بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

هەر ئەمەشە کە بەرپرسە لەو دیمەنە سەرنجڕاکێشەی کە بۆ چەندین نەوەیە خۆرئاوای بەناو "سەرمایەداری" هاوکاری ئەخلاقی و ماددی خۆی بەتەنها دەبەخشی بەو بزوتنەوە ئایدۆلۆجیانەی وڵاتانی خۆرهەڵات کە هەوڵیان دەدا شارستانی خۆرئاوا بشێوێنن. هەروەها لەهەمان کاتدا، ئەو زانیارییانەی کە جەماوەری خۆرئاوایی دەستیان دەکەوت لەبارەی ڕووداوەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و خۆرهەڵات هەمیشە و بەشێوەیەکی بەرپێنەگیراو ڕەنگکرابوون بە داتاشین بەلای سۆشیالیزمدا. زۆرێک لە چالاکییە "فێرکارییەکانی"ی هێزە ئەمەریکییەکان لەبارەی داگیرکاری ئەڵمانیاوە نموونەی زۆر ڕۆشن و

نوێی ئەم مەیلە دەخەنە روو.

لێرەوە تێگەیشتنێکی شیاو لەو هۆکارانەی کە هانی زۆرێک لە ڕۆشنبیران دەدەن مەیلیان بچێت بەلای سۆشیالیزمدا ئێجگار گرنگە. خاڵی یەکەم کە پێویستە ئەو کەسەی کە ئەم لایەنگرییەی نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە بەڕوونی بریتییە لەوەی کە نە بەرژەوەندی خۆپەرستانەیە و نە مەبەستی خراپەکارانە بەڵکو بەگشتی بڕوای ڕاستگۆیانە و مەبەست باشییە کە بڕیاردەرە لە بۆچوونەکانی ڕۆشنبیران.

لەڕاستیدا گرنگە ئەوەش بزانین کە بە شێوەیەکی گشتی، ڕۆشنبیری باوی ئەمڕۆ ئەگەری زیاترە سۆشیالیست بێت ئەگەر زیاتر لەلایەن ئیرادە باشیی و داناییەوە ڕێنمایی بکرێت، هەروەها لە مەیدانی ئارگیومێنتی ڕۆشنبیریی پەتیدا بەگشتی توانای دەبێت کە مەسەلەکەی باشتر پێشکەش بکات وەک لە زۆرینەی نەیارەکانی لە ناو چینەکەی خۆیدا. ئەگەر بڕوامان وابێت کە هێشتاش هەڵەیە، پێویستە ددان بەوەدا بنێین کە لەوانەیە هەڵەی ڕەسەن بێت کە هانی خەڵکی مەبەست باش و دانا دەدات کە پێگەی سەرەکییان هەیە لە کۆمەڵگاکەی ئێمەدا هەستن بە بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە بۆ ئێمە وەک هەڕەشەن بۆ شارستانیەت.

هیچ شتێک گرنگترنیە لەوەی هەوڵبدەین بۆ تێگەیشن لە سەرچاوەکانی ئەم هەڵەیە، بۆئەوەی بتوانین بەرەنگاری ببینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی کە بەگشتی وەک نوێنەری نیزامی ئێستا ناسراون و بڕوایان وایە کە لە مەترسیەکانی سۆشیالیزم تێگەیشتوون، هەمیشە زۆر دوورن لە تێگەیشتنێکی لەم جۆرە. ئەوانە زیاتر مەیل دەکەن کە ڕۆشنبیرانی سۆشیالیست وەک تاقمێکی سامناک لە ڕۆشنبیری ساختە و توندڕەو سەیر بکەن بەبێ ئەوەی بەهای کاریگەرییان بزانن و لەڕێگای کۆی ڕەفتاریانەوە بەرامبەر ئەوان، زیاتر پاڵیان پێوە دەنێن بەرەو دژایەتیکردنی زیاتری نیزامی ئێستا.

ئەگەر بمانەوێت لەم لایەنداریە سەیرەی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران تێبگەین، پێویستە لە دوو خاڵ بە ڕوونی تێبگەین. یەکەم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەوان هەموو مەسەلە دیاریکراوەکان بە تەواوی لەبەر رۆشنایی هەندێک ئایدیای دیاریکراودا هەڵدەسەنگێنن. دووەم ئەوەیە کە هەڵە خاسیەتئامێزەکانی هەر سەردەمێک زۆرجار سەرچاوەیان گرتوە لە هەندیک ڕاستی ڕەسەنی تازەوە کە دۆزراونەتەوە، هەروەها پراکتیزەکردنی هەڵەی گشتاندنی نوێ کە بەهای خۆیان لە بواری دیکەدا سەلماندوە. ئەو ئەنجامەی کە پێویستە پێیبگەین لەڕێگای لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەم ڕاستیانەوە ئەوە دەبێت کە پوچەڵکردنەوەی کارای ئەم هەڵانە بەردەوام پێویستی بە پێشکەوتنی زیاتری ڕۆشنبیری دەبێت، هەروەها زۆرجار پێشکەوتن لە هەندێک خاڵی زۆر موجەرەددا و لەوانەیە وادەربکەوێت کە زۆر دوورە لە مەسەلە عەمەلییەکانەوە.

لەوانەیە تایبەتمەندترین سیمای ڕۆشنبیر ئەوە بێت کە ئایدیا تازەکان لەڕێگای جەوهەری

دیارکراویانەوە هەڵناسەنگێنێت بەڵکو لەڕێگای ئامادەییانەوە بۆ سازاندن لەگەڵ تێگەیشتنی گشتی خۆیدا، لەگەڵ ئەو وێنەیەی جیهاندا کە ئەو پێیوایە مۆدێرن یان پێشکەوتووە.

لەڕێگای کاریگەری ئەم ئایدیا تازانەوەیە لەسەر خۆی و لەسەر هەڵبژاردەی بۆچوونەکانی لەمەڕ مەسەلەی دیاریکراوەوە کە دەسەڵاتی ئایدیاکان بۆ چاکە و خراپە گەشە دەکات لە پەیوەندیدا بە گشتیبوون، پەتیبوون و تەنانەت ناڕۆشنی. بەو پێیەی کە کەمێک دەزانێت لەسەر مەسەلە دیاریکراوەکان، پێویستە پێوەرەکانی تەبا بن لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەیدا و گونجاوبن بۆ ئاوێتەکردنیان بەمەستی نەخشاندنی وێنەیەکی هاوسازی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵبژاردنە لەناو گۆژمەیەک لە ئایدیای نوێ کە لە هەموو ساتەوەختێکدا خۆیان دەخەنە ڕوو ژینگەی تایبەتمەندی بۆچوون دروست دەکات، کە مەیلداری وەرگرتنی هەندێک بۆچوون دەبێت و مەیلی بەلای هەندێکی دیکە دا ناچێت کە وا لە ڕۆشنبیر دەکات دەستبەجێ دەرئەنجامێک قبووڵ بکات و دەرئەنجامێکی دیکە ڕەتبکاتەوە بەبێ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە مەسەلەکان.

بێگومان لە هەندێک باردا ڕۆشنبیر لە فەیلەسوفەوە نزیکترە وەک لە هەر تایبەتمەندێکەوە، هەروەها فەیلەسوف لە زۆر ڕووەوە جۆرێکە لە شازادە لەنێو ڕۆشنبیراندا. ئەگەرچی کاریگەری فەیلەسوف لە مەسەلە عەمەلییەکان دوورخراوەتەوە و لە ئەنجامدا هێواشترن و سەختترن بۆ شوێنپێهەڵگرتنی بە بەراورد لەگەڵ کاریگەری ڕۆشبیری ئاساییدا، بەڵام ئەویش هەمان جۆرە و لە مەودای دووردا زۆر بەهێزتر دەبێت لەوەی ڕۆشنبیر. هەمان هەوڵە بەرەو پێکەوەنانی، کە بەشێوەیەکی زیاتر میتۆدی هەوڵی بۆ دەدرێت، هەمان هەڵسەنگادنی بۆچوونە دیاریکراوەکان تاوەکو ئەو جێگایەی کە دەگونجێن لەگەڵ سیستەمی گشتی هزردا زیاتر وەک لەڕێگای جەوهەری تایبەتییانەوە، هەمان هەوڵ بۆ دیدێکی هاوساز لەمەڕ جیهان، کە بۆ هەردوو بنەما سەرەکییەکانی قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوە دیاری دەکات. پێدەچێت لەبەرئەم هۆیە بێت فەیلەسوف کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر ڕۆشنبیر وەک لەوەی هەر پسپۆڕ یان زانایەکی دیکە هەیەتی و زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە، هەروەها ئەو شێوازەش دیاریدەکات کە ڕۆشنبیر دەیگرێتە بەر لە ئەرکی سانسۆرکردندا. کاریگەری باوی زانای تایبەتمەند تەنها ئەو کاتە ململانێی کاریگەری فەیلەسوف دەکات کە لە تایبەتمەندبوون دەکەوێت و دەستدەکات بە فەلسەفاندن لەبارەی گەشەی بابەتەکەی و بە شێوەیەکی گشتیش تەنها پاش ئەوەی لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەقۆزرێتەوە لەبەر هۆکارگەلێک کە پەیوەندییەکی کەمیان هەیە بە پایەی زانستییەوە.

کەواتە "ژینگەی بۆچوون"ی هەر سەردەمێک لە بنەڕەتدا بریتییە لە کۆمەڵێک تێزی پێشوەختی گشتی کە ڕۆشنبیر بەهۆیانەوە گرنگی ڕاستی و بۆچوونە تازەکان هەڵدەسەنگێنێت. ئەم تێزە پێشوەختانە زۆربەیان بەکارهێنانن بۆ ئەوەی لای ئەو وادەردەکەوێت کە گرنگترین لایەنی بەدەستهێنانە زانستییەکان بن، گواستنەوەی ئەو شتانەی کە زۆر سەرسامیان کردوە لە کارەکانی تایبەتمەنداندا بۆ بوارەکانی دیکە.

مرۆڤ دەتوانێت لیستێکی درێژی ئەو جۆرە نەریتە ڕۆشنبیریی و وشە بریقەدارانە ریزبکات کە لە دوو یان

سێ نەوەی ڕابوردودا باڵیانکێشاوە بەسەر بیرکردنەوەی ڕۆشنبیراندا. جا ئەمانە "ڕێچکەی مێژوویی" بوو بێت یان تیۆری پەرەسەندن، فەلسەفەی قەدەرگەرایی سەدەی نۆزدە و بڕوابوون بە کاریگەریی هەمەگیری ژینگە لەبەرامبەر زگماکیدا، تیۆری ڕێژەگەرایی یان بڕوابوون بە دەسەڵاتی نەست – هەر یەکێک لەم تێگەیشتنە گشتییانە کراون بە بەردی بناغە و لەڕێگایانەوە داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا پێوراون.

پێدەچێت تاوەکو ئەم ئایدیایانە کەمتر دیاریکراو و ورد بن (یان کەمتر سەریانلێدەربکرێت) کاریگەرییان بەربڵاوتر دەبێت. هەندێک جار هیچ نییە جگە لە دەربڕینێکی تەمومژاوی کە بە دەگمەن بە وشەگەلێک دارێژراون کە کاریگەریی قوڵ بەجێبهێڵن. بڕوای لەم جۆرە هەروەک کۆنترۆڵکردنی مەبەستدار یان ڕێکخستنی هۆشیارانە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا باڵاترن لە ئەنجامی پرۆسە خۆبەخۆکاندا کە لەلایەن هزری مرۆڤەوە ئاراستە نەکراون، یان هەر ریزبەندییەک کە بەرمەبنای پلانێکی پێشوەخت دارێژراو بێت دەبێت بەزەرورەت باشتر بێت لە ریزبەندییەک کە هێزە دژبەیەکەکان هاوسەنگیان بۆ دروستکردوە، بەم شێوەیە کاریگەری زۆریان کردۆتە سەر گەشەی سیاسی.

ڕۆڵی ڕۆشنبیرانیش تەنها بە رووکەش جیاوازە لە مەسەلەی گەشەی ئایدیای زیاتر کۆمەڵایەتی شیاودا. لێرەدا مەیلە ناوازەکانیان خۆیان دەردەخەن لەڕێگای دروستکردنی ئایدیای بەسەرچووی پەتییەوە، لەڕێگای پۆزشهێنانەوە و ئاراستەکردنی هەندێک خواستی دیاریکراو تاوەکو ئەندازەی توندڕەوی کە لەمیانەی جوتبوونی ئەخلاقی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن. بەو پێیەی دیموکراسی شتێکی باشە، تاوەکو پرنسیپە دیموکراتییەکان زیاتر بەکاربهێنرێن، لای ئەوان باشتر دەردەکەون. بەهێزترینی ئەم ئایدیا گشتییانە کە گەشەی سیاسیان نەخشاندوە لەم دواییانەدا، بێگومان بریتییە لە ئایدیاڵی یەکسانی مادیی.

تایبەتیبوونەکەشی ئەوەیە کە بەرهەمی گەشەی خۆبەخۆییانەی بیرە ئەخلاقییەکان نییە، کە سەرەتا لە پەیوەندی نێوان تاکەکەسەکاندا بەکارهێنرابێت، بەڵکو دروستکراوێکی ڕۆشنبیرانەیە لە بنەڕەتدا وەک شتێکی پەتی و مانا گوماناوی یان بەکارهێنان لە هەلومەرجە دیاریکراوەکاندا شێوەی گرتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک پرنسیپێکی هەڵبژاردە لەنێو ڕێچکە جیاوازەکانی سیاسەتیکاری کۆمەڵایەتی بەدیلدا بەهێزانە کاریکردوە. فشارێکی نەپساوەی نمایشکردوە بە ئاراستەی ڕێکخستنێکی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا کە هیچ کەس بەڕوونی وێنایناکات.

ئەوەی کە پێوەرێکی دیاریکراو و یەکسانی زیاتر دەهێنێت وایلێهاتووە بەشێوەیەک تەماشابکرێت کە راسپاردەیەکی ئەوەندە بەهێزە کە پێویست ناکات شتێکی دیکەی ئەوتۆ لەبەرچاوبگیرێت. بەوپێیەی لەسەر هەر مەسەلەیەکی دیاریکراو ئەم تاکە لایەنەیە کە ئەوانەی ڕێبەری بۆچوون تێگەیشتنێکی دیاریکراویان هەیە، یەکسانیی بۆتە مایەی دەستنیشانکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی کە بانگێشەبۆکەرانی مەبەستیان بووە.

بەڵام بەتەنها ئایدیاڵە ئەخلاقییەکان بەم شێوەیە کارناکەن. هەندێک کات ڕەفتاری ڕۆشنبیران بەرامبەر کێشەکانی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی لەوانەیە ئەنجامی پێشکەوتنی پەتی مەعریفەی زانستی بێت، هەروەها لەم دۆخانەدایە کە بۆچوونە هەڵەکانیان لەسەر مەسەلە دیاریکراوەکان لەوانەیە بۆ ماوەیەک وادیاربن

کە کۆی شکۆی دوایین دەستکەوتەکانی زانستییان لەپشتە. خۆی لەخۆیدا جێگەی سەرسوڕمان نییە کە پێشکەوتنی ڕاستەقینەی مەعریفە بەم شێوەیە دەکرێت لەهەندێک بۆنەدا ببێتە سەرچاوە بۆ هەڵەی نوێ. ئەگەر ئەنجامی چەوت لەو گشتاندنە تازانە نەکەونەوە، ئەوا دەبنە دوا ڕاستی کە هەرگیز پێویستیان بە پێداچوونەوە نابێت. ئەگەرچی وەک ڕێسایەک، گشتاندنی لەم جۆرە بەتەنها ئەنجامی چەوتی لێدەکەوێتەوە کە دەکرێت لێوەی هەڵبهێنجرێن لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا کە پێشتر پەسەندبوون، بەو پێیەش نەبنە مایەی خستنەوەی هەڵەی نوێ. ئەگەری زۆرە کە تیۆرییەکی نوێ، هەروەک چۆن بەهاکەی لەلایەن ئەنجامە تازەکانەوە نیشان دەدرێت، ئەنجامی تازە بەرهەم دەهێنێت کە دواجار پێشکەوتنی زیاتر دەریدەخات کە هەڵەن.

بەڵام لە دۆخێکی لەم جۆرەدا بڕوایەکی چەوت دەردەکەوێت کە سەرجەم شکۆی نوێترین مەعریفەی زانستی لە پشتەوەیە. ئەگەرچی لەو بوارە دیاریکراوەدا کە ئەم بڕوایە دەیگرێتەوە لەوانەیە هەموو بەڵگە زانستییەکان لەدژی بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەردەم دادگای ڕۆشنبیراندا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایدیایانەدا کە حوکمی بیرکردنەوەیان دەکەن، وەک ئەو بۆچوونە هەڵدەبژێردرێت کە بە باشترین شێوە تەبایە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەدا. ئەو تایبەتمەندانەی کە بەم شێوەیە ناوبانگی جەماوەری و کاریگەریی بەربڵاو پەیدا دەکەن، ئەوانە نین کە لەلایەن هاوپیشەکانیانەوە ددانیان پێدانراوە، بەڵکو زۆربەی کات ئەو مرۆڤانە دەبن کە تایبەتمەندان وەک هەلپەرست، ناپسپۆڕ، یان تەنانەت فریودەر تەماشایان دەکەن، بەڵام ئەوان لە چاوی جەماوەری گشتیدا وەک باشترین ڕاڤەکارانی بابەتەکە ناسراون.

بەتایبەتیش، گومانی کەم هەیە لەوەی ئەو شێوازەی مرۆڤ لە سەد ساڵی رابردوودا بۆ ڕێکخستنی هێزەکانی سروشت فێریبووە بەشدارییەکی زۆری کردوە لە خولقاندنی ئەو بڕوایەدا کە کۆنترۆڵکردنی هاوشێوەی هێزەکانی کۆمەڵگا دەبنە مایەی خولقاندنی باشترکردنی هاوشێوەی هەلومەرجی مرۆڤ.

ئەو بڕوایەی کە لەڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی ئەندازەییەوە ئاراستەی هەموو فۆرمەکانی چالاکیی مرۆڤ بەپێی تاقە یەک پلانی یەکانگیر پێویستە وەها بکەوێتەوە کە سەرکەوتوە بۆ کۆمەڵگا، وەک بەم شێوەیەیە لە ئەرکە ئەندازیارییەکاندا، ئەمە ئەنجامێکی زۆر شیاوە بۆ سەرنجڕانەکێشانی ئەوانەی کە دڵخۆشن بە دەستکەوتەکانی زانستە سروشتیەکان.

بەدڵنیاییەوە پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە پێویستمان بە ئارگومێنتێکی بەهێز هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گریمانە بەهێزەی لە بەرژەوەندی ئەنجامی لەم جۆرەدایە، هەروەها ئەو ئارگومێنتانە هێشتا وەک پێویست نەخراونەتەڕوو. ئەوە بەتەنها بەس نییە ئاماژە بە کەموکوڕییەکانی ئەو پێشنیارە دیاریکراوانە بدەین کە بەرمەبنای ئەم جۆرە لە ژێربێژین.

ئارگومێنتەکە هێزی خۆی لەدەست نادات تاوەکو ئەو کاتەی بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە پیشاندەدرێت کە بۆچی ئەوەی کە سەلمێندراوە بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر سەرکەوتووە لە هێنانەکایەی پێشکەوتن لە زۆربەی بوارەکاندا، دەبێت سوودمەندییەکەی سنورداربێت و ببێتە شتێکی زیانبەخش ئەگەر هاتو گواسترایەوە بۆ دەرەوەی سنورەکانی بوارەکەی خۆی.

ئەمە ئەرکێکە کە هێشتا بەشێوەیەکی دڵخۆشکەر جێبەجێنەکراوە و پێویستە بەدیبێت پێش ئەوەی ئەم پاڵنەرە دیاریکراوە بەرەو سۆشیالیزم لاببرێت.

ئەمە، بێگومان، تەنها یەکێکە لە چەندین نمونە کە تێیدا پێشکەوتنی زیاتری ڕۆشنبیری پێویستە ئەگەر بڕیاربێت ئەو ئایدیا زیانبەخشانەی کە ئێستا باون پووچەڵ بکرێنەوە، هەروەها ئەو ڕێچکەیەی کە دەبێت بیگرینەبەر دواجار لەڕێگەی گفتوگۆوە لەسەر مەسەلە هەرە موجەرەدەکان بڕیاری لەسەر دەدرێت. بەس نییە بۆ مرۆڤی عەمەلی لەوە دڵنیابێت، لە مەعریفەی نزیکیەوە لە هەر بوارێکی دیاریکراودا، کە تیۆرەکانی سۆشیالیزم کە لە ئایادیای گشتیترەوە سەرچاوەیان گرتووە دەردەکەوێت کە عەمەلی نین. لەوانەیە ئەوە بەتەواوی ڕاست بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەنگاریەکەی داغان دەکرێت و هەموو ئەنجامە خەمبارەکان کە پێشبینیان دەکات، دێنە دی ئەگەر بیروڕاکانی ئەو لەلایەن پووچەڵکردنەوەیەکی کارای ئایدیای دایک (idees meres)ەوە پشتگیری نەکرێت. تاوەکو ئەو کاتەی ڕۆشنبیر پشکی باشتری ئارگومێنتە گشتییەکەی بەرکەوێت، شیاوترین ڕەتکردنەوەی مەسەلە دیاریکراوەکە وەلادەنرێت. بەڵام ئەمە کۆی چیرۆکەکە نییە. ئەو هێزانەی کە کاردەکەنە سەر هێنانی خەڵک بۆ ناو ڕیزەکانی ڕۆشنبیران بەهەمان ئاراستەدا کاردەکەن و یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی زۆرێک لە بەتواناترینیان مەیلیان بەرەو سۆشیالیزمە.

بێگومان جیاوازی بۆچوون لەنێو ڕۆشنبیراندا هێندەی جیاوازی بۆچوونە لە نێو گروپەکانی دیکەی خەڵکدا. بەڵام پێدەچێت ڕاست بێت کە بە شێوەیەکی گشتی کەسە چالاکتر و زیرەکتر و ڕەسەنترەکانی نێو ڕۆشنبیران زۆرجار مەیلیان بەلای سۆشیالیزمدایە، لەکاتێکدا کە نەیارەکانیان توانا و لێوەشاوەییان لەوان کەمترە.

ئەمە بەتایبەت بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی بڵاوبوونەوەی ئایدیاکانی سۆشیالیزم ڕاستە. دواتر، ئەگەرچی لە دەرەوەی بازنە ڕۆشنبیرییەکاندا لەوانەیە هێشتا کارێکی بوێرانە بێت بانگێشە بۆ بیروڕای سۆشیالیستی بکرێت، فشاری بۆچوون لەناو ڕۆشنبیراندا زۆرجار ئەوەندە بەهێزانە مەیلداری سۆشیالیزمە کە وا دەکات مرۆڤ پێویستی بە هێز و سەربەخۆیی زیاتر هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەیلە وەک لەوەی کە پەیوەندیی بکات بەو شتەوە کە هاوڕێکانی وەک بۆچوونی مۆدێرن ئاماژەی بۆ دەکەن. بۆنمونە، کەسێک کە ئاشنابێت بە ژمارەیەکی زۆری مامۆستای زانکۆکان (لەم دیدەشەوە زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ وەک ڕۆشنبیر ئاماژەیان بۆ دەکرێت وەک لەوەی وەک پسپۆڕ) ناتوانێت چاو لەو ڕاستییە بپۆشێت کە ئەمڕۆ ئەگەری زۆرە کە زۆربەی مامۆستا دانا و سەرکەوتووەکان سۆشیالیست بن. لەکاتێکدا ئەوانەی کە خاوەنی بۆچوونی سیاسی زیاتر کۆنزێرڤەتیڤن زۆربەی کات مامناوەندین. ئەمە بێگومان خۆی لەخۆیدا فاکتەرێکی گرنگە کە پاڵ بە نەوەی نوێوە دەنێت بەرەو بەرەی سۆشیالیست.

بێگومان سۆشیالیستەکان ئەمە وەک بەڵگەیەک دەبینن کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو خەڵکانەی کە زیرەکترن بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کە ببن سۆشیالیست. بەڵام ئەمە زۆر دورە لەوەی کە تاقە ڕاڤەی ئەم ڕەوشە بێت.

پێدەچێت هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە ئەوەبێت کە (بۆ مرۆڤی خاوەن توانای ناوازە کە ڕیزبەندی ئێستای کۆمەڵگای بەلاوە پەسەندە) چەندین دەروازە بۆ کاریگەری دروستکردن و دەسەڵات ئاوەڵان، لەکاتێکدا بۆ کەسێکی کارتێنەکراو و ناڕازی، پیشەی ڕۆشبیری موژدەبەخشترین ڕێگەیە بەرەو کاریگەری دروستکردن و دەسەڵات کە بەشداردەبن لە هێنانەدی ئایدیاڵەکانیدا.

لەوەش زیاتر: مرۆڤی زیاتر کۆنزێرڤەتیڤی خاوەن توانای پلە یەک بەگشتی کاری ڕۆشنبیری هەڵدەبژێرێت (هەروەها ئەو قوربانییە ماددییەی کە پەیوەستە بەم هەڵبژاردەیەوە) تەنها لەپێناوی رۆشنبیری خۆیدا چێژی لێوەربگرێت. ئەگەری زیاترە کە لە ئەنجامدا ببێتە لێکۆڵەر زیاتر وەک لە ڕۆشنبیر بەواتای وردی وشەکە. لەکاتێکدا بۆ مرۆڤی ڕادیکاڵ گرتنەبەری پیشەی ڕۆشنبیر زۆبەی کات خۆی لەخۆیدا ئامرازێکە وەک لەوەی ئامانج بێت، ڕێگایەک ڕێک بەرەو ئەو جۆرە لە کاریگەری بەرفراوان کە ڕۆشنبیری پیشەوەر دەیکات.

لەمەشەوە پێدەچێت ئەوە راست بێت کە، نەک ئەوەی کە خەڵکی زیرەکتر بەشێوەیەکی گشتی سۆشیالیستن، بەڵکو ئەوەی کە بەشێکی زۆرتری سۆشیالیستەکان لەناو خەڵکە مێشک نایابەکاندا خۆیان تەرخاندەکەن بۆ ئەو هەوڵە ڕۆشنبیرییانەی کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کاریگەری یەکلاکەرەوەیان لەسەر ڕای گشتی پێدەبەخشێت.

هەڵبژاردنی کەسایەتی ڕۆشنبیر بەهەمان شێوە وابەستەی بەرژەوەندی باڵایە کە لە ئایدیا گشتی و پەتییەکاندا دەریدەخەن. خەملاندن لەسەر ئەگەری دووبارە بونیاتنانەوەی سەرلەبەری کۆمەڵگا بوارێکی زۆر زیاتری بۆدەرەخسێنێت وەک لە خەمە زیاتر عەمەلی و کورتخایەنەکانی ئەوانەی کە هەوڵی چاکسازی بچووک دەدەن لە ریزبەندی ئێستادا.

بەتایبەتیش، هزری سۆشیالیستی زیاتر لاوان بەلای خۆیدا رادەکێشێت بەهۆی خاسیەتی داهاتووبینیەوە. هەر ئەو ئازایەتیەی کە تێوەمان دەگلێنێت لە بیری یۆتۆپییەوە (خەیاڵاوی) لەم بارەدا هەر ئەویش سەرچاوەی هێزی سۆشیالیستەکانە کە بەداخەوە لیبرالیزمی باو ئەمەی نیە.

ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی سۆشیالیزمە، نەک تەنها لەبەرئەوەی خەملاندن لەبارەی پرنسیپە گشتییەکان دەرفەتێک دەبەخشێت بە خەیاڵی ئەوانەی کە بارنەکراون بە مەعریفەی زۆری ڕاستییەکانی ژیانی رۆژانە، بەڵکو لەبەرئەوەی خواستی شەرعی بۆ تێگەیشتن لە بنەما عەقڵانییەکانی هەر ڕیزبەندییەکی کۆمەڵایەتی تێردەکات، هەروەها بواردەدات بە ئەنجامدانی ئەو خولیا بونیاتنەرانەیەی کە لیبراڵیزم پاش ئەوەی سەرکەوتنە مەزنەکانی بەدەستهێنا، تەنها چەند دەرچەیەکی بۆ هێشتەوە.

ڕۆشنبیر، بە هەموو مەیلی خۆیەوە، گرنگی نادات بە وردەکارییە تەکنیکییەکان یاخود زەحمەتییە عەمەلییەکان. ئەوەی زیاتری سەرنجی رادەکێشێت بریتیە لە دیدگا بەرفراوانەکان، تێگەیشتنی بەربڵاو لە ریزبەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تێکڕا بەو شێوەیەی کە سیستەمێکی پلانرێژکراو پەیمانی هێنانەدی دەدات.

ئەم ڕاستییە کە چێژی ڕۆشنبیران باشتر تێردەکرێت لەلایەن پێشبینیەکانی سۆشیالیستەکانەوە، دەرکەوت کە کوشندەیە بۆ کاریگەریی ترادسیۆنی لیبراڵی. کاتێک پێداویستیە سەرەکییەکانی پرۆگرامە لیبراڵییەکان وادەردەکەوتن کە تێرکراون، بیریارە لیبراڵەکان رویانکردە کێشەی وردەکاریەکان و گەشەی فەلسەفە گشتیەکەی لیبراڵیزمیان فەرامۆشکرد، کە لە ئەنجامدا لەوە کەوت کە مەسەلەیەکی زیندوو بێت و بوار ببەخشێت بە تێڕامانی گشتی.

بەو پێیەش بۆ نزیکەی نیو سەدەیە، تەنها سۆشیالیستەکانن کە شتێکیان پێشکەش کردبێت کە هاوشێوەی پرۆگرامێکی ئاشکرای گەشەی کۆمەڵایەتی بێت، وێنەیەکی کۆمەڵگای ئاینده کە ئەوان کردبوویانه ئامانج، هەروەها کۆمەڵە پرنسیپێکی گشتی بۆ ڕێنماییکردنی بڕیارەکان لەسەر مەسەلە تایبەتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئایدیاڵەکانیان بەدەست ناکۆکییەوە دەناڵێنن، هەروەها هەر هەوڵێک بۆ پراکتیزەکردنیان دەبێتە مایەی خستنەوەی شتێکی تەواو جیاواز لەوەی چاوەڕوانی دەکەن، ئەمە ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە پرۆگرامی ئەوان بۆ گۆڕان تاقە پرۆگرامە کە کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش لەبەئەوەیە کە پرۆگرامەکەی ئەوان بووە بە تاقە پرۆگرامی ئاشکرای فەلسەفەی گشتیی سیاسەتیکاری کۆمەڵایەتی کە لەلایەن گروپێکی گەورەوە گیراوەتەبەر، تەنها سیستەمێک کە کێشەی نوێ دروست دەکات و ئاسۆی نوێ ئاوەڵا دەکات، بەو شێوەیە سەرکەوتوو بووە لە ئیلهام بەخشین بە خەیاڵی ڕۆشنبیراندا.

گەشەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا لەم نێوەندەدا بڕیاری لەسەر دراوە، نەک لەلایەن جەنگی ئایدیاڵە ململانێکارەکانەوە، بەڵکو بەهۆی بەراورد لەنێوان دۆخی باوی ئێستا و تاکە ئایدیاڵی شیاو بۆ کۆمەڵگای ئاینده، کە تەنها سۆشیالیستەکان لەبەردەمی جەماوەردا بەرزیان کردبوەوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لەو پرۆگرامانەی دیکە کە خۆیان خستبوە روو بەدیلی ڕاستەقینەیان پێبوو. زۆربەیان سازشکارییبوون یان بەستەر بوون لەنێوان جۆرە توندڕەوەکانی سۆشیالیزم و ریزبەندی ئێستادا. هەموو ئەمانە پێویست بوون بۆ ئەوەی هەر پرۆژەیەکی سۆشیالیستی وەک شیاو و مەعقول دەربکەوێت لای ئەم عەقڵە "دانایانە" کە لە بنەڕەتدا بڕوایان هێنابوو کە پێویستە ڕاستی هەمیشە بکەوێتە نێوان هەردوو پەڕی مەسەلەیەکەوە ، بۆ کەسێک کە بانگەشەی پێشنیارێکی وەک پێویست توندڕەوتر بکات. پێدەچوو تەنها یەک ئاراستە هەبێت کە بتوانین بۆی بجوڵێین، هەروەها پێدەچوو کە تەنها پرسیار ئەوەبووبێت کە چەند خێرا و تاوەکو کوێ پێویستە ئەو جوڵەیەی بەردەوام بێت.

بایەخی ئەو سەرنجڕاکێشانە تایبەتەی کە سۆشیالیزم هەیەتی لەسەر رۆشنبیران کە لە خاسیەتی پێشبینیکارانەیەوە سەرچاوەی گرتووە، رونتر دەبێت ئەگەر بێت و ئێمە بەراوردکاری زیاتر بکەین لە نێوان پێگەی تیۆریستە سۆشیالیستەکان و ئەوانەی نەیاریدا کە لیبراڵەکانن بە مانا کۆنەکەی وشەکە. هاوکات ئەم بەراوردکاریە دەمانبات بەرەو هەر وانەیەک کە دەتوانین فێری ببین لە پێزانینێکی دروستی هێزە ڕۆشنبیرییەکانەوە کە دەبنە مایەی هەرەسهێنانی بنچینەکانی کۆمەڵگایەکی ئازاد.

بەشێوەیەکی رووکەش ناکۆک، یەکێک لەو تەگەرە سەرەکییانەی کە بیریارە لیبراڵەکان بێبەش دەکات لەوەی کاریگەرییان هەبێت زۆر پەیوەندی هەیە بەو ڕاستییەوە کە تاوەکو سۆشیالیزم دەرنەکەوتبوو، بیرمەندە لیبراڵەکان دەرفەتی زیاتریان هەبوو بۆ دانانی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بڕیاردان لەبارەی سیاسەتیکارە هەنووکەییەکان و لە ئەنجامیشدا نەک بە تەنها فریووناخوارد بەو پێشبینیکردنە

دورخایەنانە کە خاڵی بەهێزی سۆشیالیستەکانە، بەڵکو بەهۆیەوە ساردیش بوونەوە چونکە پێدەچێت هەر هەوڵێکی لەم جۆرە ئەو چاکە ڕاستەوخۆیە کەم بکاتەوە کە دەتوانێت بیکات.

لەوەی هەر دەسەڵاتێکی هەبێت بۆ کاریگەری خستنە سەر بڕیارە عەمەلییەکان، بەهۆی پێگەیەوە لەناو نوێنەرانی ریزبەندی باڵادەستدا، هەروەها ئەم پێگەیە دەخاتە مەترسییەوە ئەگەر خۆی تەرخانکرد بۆ ئەو جۆرە لە پێشبینیکردن کە سەرنجی رۆشبیران رادەکێشێت و لەڕێگای ئەوانەوە دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر گەشە لە مەودای دووردا. بۆئەوەی کاریگەری هەبێت لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا کە دەیبێت، پێویستە "عەمەلی"، "هەستیار" و "واقیعی" بێت.

تاوەکو خۆشی سەرقاڵ بکات بە مەسەلە هەنووکەییەکانەوە، ئەوا پاداشت دەدرێتەوە بە توانی کاریگەریدانان لەسەر، سەرکەوتنی مادی، و ناوبانگ لەناو ئەوانەدا کە تارادەیەک هاوبەشن لە سیما گشتییەکانیدا. بەڵام ئەم مرۆڤانە ڕێژێکی کەمیان هەیە بۆ پێشبینیکردن لەسەر پرنسیپە گشتییەکان کە ژینگەی ڕۆشنبیریی ڕەنگڕێژ دەکەن. لەراستیدا، ئەگەر لەگەڵ ئەم جۆرە لە پێشبینیکاری درێژخایەندا تێوەگلا، ئەوا دەکەوێتە بەر ئەگەری ئەوەی کە ناوبانگی ئەوە دەربکات کە "ناتەواوە" یاخود تەنانەت نیمچە سۆشیالیستە، چونکە ئامادە نییە ریزبەندی ئێستاکەیی لەگەڵ ئەو سیستەمە ئازادەدا یەکتا بکات کە خۆی ئامانجیەتی پێیبگات.

سەربارى ئەمەش، هەوڵەکانی بەردەوامبوون بەئاراستەی پێشبینیکاری گشتیدا، خێرا بۆی ئاشکرا دەبێت کە سەلامەت نییە ئەگەر زۆر نزیک ببێتەوە لەوانەی کە پێدەچێت زۆربەی بڕواکانی ئەمیان هەڵگرتبێت، و زۆری پێناچێت کە پاڵی پێوەدەنرێت بەرەو گۆشەگیریی. لەراستیدا، لە ئێستادا دەشێت تەنها چەند ئەرکێک هەبن کە بەهایان نەزانرێت وەک ئەرکی بنەڕەتی گەشەی بنەمای فەلسەفیانە کە لەسەر ئەم بنەمایەوە گەشەی زیاتری کۆمەڵگایەکی ئازاد پێویستە دابمەزرێت.

بەو پێیەی کە ئەو مرۆڤەی ئەنجامی دەدات پێویستە بەشی زۆری چوارچێوەی ریزبەندی باڵادەست قبووڵ بکات، لای زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی خاوەن عەقڵی پێشبینیکار تەنها وەک داکۆکیکارێکی شەرمنی شتەکان دەبێت وەک خۆیان. لەهەمان کاتدا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە وەک تیۆریستیکی ناعەمەلی دەردەکەوێت. وەک پێویست ڕادیکاڵ نییە لای ئەوانەی کە تەنها جیهان بەو شێوەیە دەناسن کە تیایدا "بیرەکان تێیدا بەتەبایی دەژین"، هەروەها زۆر ڕادیکاڵانە دەردەکەوێت لە لای ئەوانەی کە تەنها دەبینن چۆن "شتەکان بە سەختی پێکدادەدەن لە بۆشاییدا".

ئەگەر سوود لەو جۆرە پاڵپشتییە وەربگرێت کە دەتوانێت بەدەستیبهێنێت لە کەسانی خاوەن مەسەلەکانەوە، بەدڵنیاییەوە متمانەی خۆی لەدەستدەدات لەلای ئەوانەی کە پشتیان پێدەبەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانی. لەهەمان کاتدا پێویستی بەوە هەیە کە زۆر بە وریایی پەنابگرێت لە هەر شتێک کە هاوشێوەی خۆدەرخستن و زیادەگۆیی بێت.

لەکاتێکدا کە هیچ تیۆریستێکی سۆشیالیست نیە کە خۆی بێمتمانەبکات لەلای هاوڕێکانی تەنانەت

لەڕێگای ساویلکەترین پێشنیاریشەوە، بەڵام کەسێکی لیبراڵی ڕەسەن خۆی تووشی نەفرەت دەکات لەڕێگای پێشنیارێکی ناعەمەلییەوە. بەڵام هێشتا لەلای ڕۆشنبیران وەک پێویست پێشبینیکار و سەرکەش دەرناکەوێت، هەروەها ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییانەی بونیادی کۆمەڵایەتی کە پێشکەشیان دەکات، وەک سنووردار دەردەکەون بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئەواندا کە خەیاڵی بێجڵەوی ئەوان وێنایان دەکەن.

لانی کەم لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێشمەرجە سەرەکییەکانی ئازادی بەدەستهاتوون و چاکسازی زیاتر پێویستە پەیوەست بێت بە وردەکارییە بەراوردکارییەکانەوە، پرۆگرامی لیبراڵی هیچ کام لە سەرنجڕاکێشییەکانی داهێنانی نوێی نابێت. پێزانینی ئەو چاکسازییانەی پێشکەشیان دەکات پێویستی بە مەعریفەی زیاترە لەسەر کارکردنی کۆمەڵگەی ئێستا، زیاتر لەوەی کە ڕۆشنبیری عادەتی هەڵگریەتی. گفتوگۆ لەسەر ئەم چاکسازییانە پێویستە لەسەر ئاستێکی عەمەلیتردا لەوەی پرۆگرامە شۆڕشگێڕانەکان دەستپێبکات، بەوپێیەش سیمایەک دەبەخشێت کە کەمتر سەرنجی ڕۆشنبیران ڕادەکێشێت و زیاتر ئەو پێکهاتانە دەهێنێتە ناوەوە کە لەبەرامبەریاندا هەست بە ناحەزی دەکات. ئەوانەی کە زیاتر ئاشنان بە کارکردنی کۆمەڵگەی ئێستا، هەمیشە گرنگی دەدەن بە پاراستنی هەندێک سیمای دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگەیە کە لەوانەیە نەکرێت لەسەر بنەمای پرنسیپە گشتییەکان داکۆکیان لێبکرێت.

جیاواز لەو کەسەی کە بەدوای ڕیزبەندییەکی داهاتووی تەواو نوێدا دەگەڕێت و بەشێوەیەکی سروشتی بۆ ڕێنمایی ڕوودەکاتە تیۆریستەکان، ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە ڕیزبەندی ئێستا هەیە هەمیشە وادەزانن کە لە هەر تیۆریستێک باشتر تێدەگەن و لە ئەنجامدا ئەگەری ئەوە هەیە کە هەموو ئەو شتانە ڕەتبکەنەوە کە نائاشنا و تیۆرین.

سەختی دۆزینەوەی پاڵپشتی ڕاستەقینە و نابەرژەوەندیخواز بۆ سیاسەتیکارێکی سیستەماتیک بۆ ئازادی، شتێکی نوێ نییە. لۆرد ئاکتن زۆر لەمەوبەر وتویەتی کە چۆن "لەهەموو سەردەمەکاندا هاوڕێ دڵسۆزەکانی ئازادی دەگمەن بوون و سەرکەوتنیشی بەهۆی کەمینەوە بووە، کە سەرکەوتوو بوون لەوەی خۆیانداوەتەپاڵ ئەوانەی کە ئامانجیان جیاواز بووە لە ئامانجی خۆیان، ئەم خۆدانەپاڵەش، کە هەمیشە مەترسیدارە، هەندێک جار وێرانکەر بووە، لەڕێگای بەخشینی زەمینەی ڕەوای ئۆپۆزسیۆنەوە بە نەیاران...." لەم دواییانەدا یەکێک لە دیارترین ئابوریناسەکانی ئەمەریکا سکاڵای هاوشێوەی کردبوو لەسەر ئەوەی کە ئەرکی سەرەکیی ئەوانەی کە بڕوایان بە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی سەرمایەداری هەیە پێویستە بەردەوام بریتی بێت لە داکۆکیکردن لەم سیستەمە لە بەرامبەر سەرمایەداراندا – لەڕاستیدا ئابوریناسە لیبراڵە مەزنەکان، لە ئادەم سمیسەوە تاوەکو ئەمڕۆ، هەمیشە ئەمەیان زانیوە.

گرنگترین ڕێگر کە مرۆڤی عەمەلی کە دۆزی ئازادی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە دڵدایە، جیادەکاتەوە لەو هێزانەی کە لە بواری ئایدیاکاندا بڕیاردەدەن لەسەر ڕێچکەی پێشکەوتنەکان، بریتییە لە بێمتمانەیی قووڵیان بە پێشبینیە تیۆرییەکان و مەیلیان بەرەو ئۆرسۆدۆکسی. ئەمەش زیاد لە هەر شتێکی دیکە، ڕێگرێک دەخوڵقێنێت کە تێپەڕاندنی مەحاڵە لەنێوان ئەمان و ئەو ڕۆشنبیرانەدا کە خۆیان تەرخانکردوە بۆ هەمان دۆز و پاڵپشتیان شایانی دەستبەرداربوون نییە ئەگەر بڕیاربێت دۆزەکە سەربکەوێت.

ئەرگەرچی لەوانەیە ئەم مەیلە سروشتی بێت لەنێو ئەو کەسانەدا کە داکۆکی لە سیستەمێک دەکەن چونکە بەشێوەیەکی پراکتیکی بوونی خۆی سەلەماندووە، کە بەلایانەوە پاساوی ڕۆشنبیری هیچ بایەخێکی نیە، هەروەها کوشندەش دەبێت بۆی لەبەر ئەوەی دایدەبڕێت لەو کۆمەکەی کە زۆر

پێویستیەتی. ئۆرسۆدۆکسی لە هەر چەشنێک، هەر پێداگرییەک لەسەر ئەوەی کە سیستەمێکی ئایدیا کۆتاییە و پێویستە سەرتاپایی بەبێ دوودڵی پەسەندبکرێت، دیدێکە کە وەک گرنگیەک هەموو ڕۆشنبیران تووڕەدەکات، بەدەرلەوەی بۆچوونیان چیە لەسەر مەسەلە تایبەتەکان.

هەر سیستەمێک کە حوکم لەسەر مرۆڤ دەدات لەسەر بنەمای پڕاوپڕی هاوسازبوونیان لەگەڵ کۆمەڵە بڕوایەکی دیاریکراودا، لەسەر بنەمای "دروستییان" یان تاوەکو ئەو رادەیەی کە دەکرێت متمانەیان پێبکرێت لەوەی کە هەڵگری دیدی پەسەندکراوبن لە هەموو مەسەلەکاندا، ئەو سیستەمە خۆی بێبەشدەکات لەو هاوکارییەی کە بەبێ بوونی هیچ دەستە ئایدیایەک ناتوانێت کاریگەریی خۆی بهێڵێتەوە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا. توانای ڕەخنەگرتن لە دیدە پەسەندکراوەکان، توانای گەڕان بەناو پێگە نوێیەکاندا و توانای ئەزموونکردنی دیدگا نوێیەکان، ژینگەیەک دابیندەکات کە بەبێ ئەو ژینگەیە ڕۆشنبیران ناتوانن هەناسە بدەن. ئەو دۆزەی کە بوارنەدات بەم ڕێچکانە، هیچ پاڵپشتێکی رۆشنبیرانی نابێت و لێرەوە شکست دەخوات لە کۆمەڵگایەکدا کە وەک کۆمەڵگاکەی خۆمان لەسەر خزمەتەکانی ئەوان بەندە.

لەوانەیە ئەوە بێت کە وەک کۆمەڵگایەکی ئازاد بەو شێوەیەی ئێمە پێی ئاشناین لەناو خۆیدا هەڵگری هێزە روخێنەرەکانی خودی خۆی بێت. لەوانەیە ئەوەبێت کاتێک ئازادی بەدەستهات وەک بەڵگەنەویست تەماشا دەکرێت و بەهای نازانرێت. هەروەها گەشەی ئازادی ئایدیاکان کە جەوهەری کۆمەڵگای ئازادە دەبێتە مایەی خولقاندنی ئەو بناغەیەی لەسەری بەندە. زۆر کەم جێگەی گومانە کە لە وڵاتانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئایدیاڵی ئازادی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کەمتر جێگەی سەرنجی لاوانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە دەزانن لەدەستدانی ئازادی مانای چییە.

لەلایەکی دیکەوە، ئاماژەی زۆر هەن کە لە ئەڵمانیا و شوێنی دیکە، لای ئەو لاوانەی کە هەرگیز کۆمەڵگای ئازادیان نەدیوە، ئەرکی بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، دەکرێت زۆر بەچێژ و نەشئەبەخش بێت وەک هەر پرۆژەیەکی سۆشیالیستی کە لەماوەی سەد ساڵی ڕابوردودا سەری هەڵداوە. ئەمەش ڕاستیەکی سەرسوڕهێنەرە، ئەگەرچی لەوانەیە راستیەک بێت کە ئەو کەسانەی سەردانیانکردوە ڕەنگە ئەزموونیانکردبێت، ئەویش ئەوەیە کاتێک قسە لەگەڵ قوتابیانی ئەڵمانیدا دەکەیت لەبارەی پرنسیپەکانی کۆمەڵگایەکی لیبراڵ، بۆت دەردەکەوێت کە گوێگرەکان کاردانەوەی زیاتریان هەیە و گوڕتینیان زیاترە لەچاو ئەوانەی کە مرۆڤ هیوا دەخوازێت لە هەر دیموکراسیەتێکی خۆرئاواییدا بەدی بکات. لە بەرتیانیاش لەناو لاواندا مەیلێکی نوێ بۆ پرنسیپە ڕاستەقینەکانی لیبراڵیزم لەدەرکەوتندایە کە بەدڵنیاییەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر بوونی نەبوو.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئازادی تەنها ئەو کاتە بەهای دەزانرێت کە لەدەستدەچێت، ئایا مانای ئەوەیە کە پێویستە جیهان لە هەموو شوێنێکیدا بە قۆناغی تاریکی تۆتالیتاریزمی سۆشیالیستیدا تێپەڕبێت پێش ئەوەی هێزەکانی ئازادی سەرلەنوێ تواناکانیان یەکبخەنەوە؟ لەوانەیە وابێت، بەڵام ئومێدەوارم کە وا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تاوەکو ئەو کەسانەی کە لە مەودای دووردا دیاریکەری ڕای گشتین مەیلیان بەرەو ئایدیاڵەکانی سۆشیالیزم بێت، ئەم ڕێچکەیە بەردەوام دەبێت. ئەگەر بمانەوێت پەنا لەمە بگرین، پێویستە بتوانین پرۆگرامی نوێی لیبراڵ پێشکەش بکەین کە ببێتە جێگەی سەرنجی خەیاڵ.

پێویستە دووبارە بینای کۆمەڵگای ئازاد بکەینەوە بە سەرکەشییەکی ڕۆشنبیرانە، کردارێکی بوێرانە. ئەوەی ئێمە نیمانە یۆتۆپیای لیبراڵە، پرۆگرامێک کە وا دەربکەوێت نە داکۆکیەکی پەتیە لە شتەکان وەک ئەوەی هەن، نەئەوەشە جۆریکی کاڵبوەوەی سۆشیالیزم بێت. بەڵکو ڕادیکاڵیزمێکی لیبراڵی ڕاستەقینە بێت کە دەستنەپارێزێت لە هەستیاری شکۆدارەکان (بە سەندیکا بازرگانیەکانیشەوە)، کە هێندە عەمەلی نەبێت و خۆی کۆتبەند نەکات بەوەی کە ئەمڕۆ لەڕووی سیاسیەوە شیاوە.

ئێمە پێویستمان بە سەرکردەی ڕۆشنبیری هەیە کە ئامادەبن لەپێناو ئایدیاڵێکدا کاربکەن، هەرچەندە ئەگەری بەدیهێنانی دەستبەجێیان کەمیش بێت. پێویستە کەسانێک بن کە ئامادەبن وابەستەبن بە پرنسیپەکانەوە و لەپێناو بەدیهێنانی تەواویاندا تێبکۆشن، هەرچەندێکیش بخایەنێت. پێویستە سازشکاریە عەمەلییەکان جێبهێڵن بۆ سیاسەتمەداران. بازرگانی ئازاد و ئازادی هەل بریتین لەو ئایدیاڵانەی کە لەوانەیە هێشتا خەیاڵی ژمارەیەکی زۆر بهەژێنن، بەڵام "ئازادی بازرگانی مەعقول" ی پەتی یان "شلکردنی کۆنترۆڵەکان" بەشێوەیەکی پەتی نە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە جێگای ڕێزن نە ئەگەری ئەوەیان هەیە هیچ حەماسێک بوروژێنن.

وانەی سەرەکیی کە پێویستە لیبراڵی ڕاستەقینە لە سەرکەوتنی سۆشیالیستەکانەوە فێری ببێت بریتیە لە بوێرییان لەوەی یۆتۆپی بن، کە بووە بە مایەی ئەوەی هاوکاری ڕۆشنبیرانیان بۆ دەستەبەر بکات و بەوپێیەش کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنین، ئەمانەش هەموو ئەو شتانەیان هێناوەتە دی کە تاوەکو ئەم دواییانەش تەواو دوورەدەست بوون.

ئەوانەی کە بەتەواوی خۆیان سەرقاڵکردوە بەو شتانەوە کە لە عەمەلی دەچوون لە دۆخی ئێستای بۆچووندا بە بەردەوامی بۆیان دەرکەوتوە کە ئەمەش بە خێرایی لەڕووی سیاسیەوە دەبێتە مەحاڵ لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ڕای گشتیدا کە ئەمان هیچیان نەکردوە بۆ ڕێبەریکردنی. ئەگەر ئێمە بنەما فەلسەفییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد جارێکی دیکە نەکەینەوە بە مەسەلەیەکی زیندووی ڕۆشنبیریی و جێبەجێکردنیشی نەکەین بە ئەرکێک کە دەبێتە بزوێنەری بیر و خەیاڵی چالاکترین عەقڵەکانمان. بەڵام ئەگەر بتوانین ئەو بڕوایە بگێڕینەوە بۆ هێزی ئایدیاکان کە نیشانەی لیبراڵیزم بووە لەباشترین باریدا، ئەوا جەنگەکە هێشتا نەدۆڕاوە. ژیاندنەوەی ڕۆشنبیریانەی لیبراڵیزم ئێستا بەڕێوەیە لە چەندین بەشی جیهاندا. ئایا لەکاتی خۆیدا دەبێت؟

تێبینی: ئەم وتارە لەساڵی 1945دا نوسراوە.